# بایکۆت

8

## دەنگدان بە هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستان، دەنگدانە بۆ درێژەکێشانی ستەم و ململانێی قەومی و دینی لە عێراقدا!

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستي کرێکاریی عێراق دەری دەکات | www.wpiraq.net | 2005.01.23


## شاری کەرکوک لە گەمەی هەڵبژاردنەکاندا

عبداللە مەحمود

لەکەس شاراوە نیە کە شاری کەرکوك کراوەتە سەنتێزی کێشمەکێشی نێوان ناسیونالیزمی کورد و عەرەب و تورکمان،" کەرکوك شارێکی عەرەبیە""" کەرکوك شارێکی کوردیە و قودس و دڵە""" کەرکوك تا ئەبەد شارێکی تورکمانیە و تورکمانی ئەمێنێتەوە"ئەمانە دروشمی هەرکام لە ناسیونالیزمی کوردو تورك و عەرەبە، هەریەکەیان بەم دروشمانە ئەیانەوی مۆرو ناسنامەی قەومیەتی خۆ بدەن لە شاری کەرکوك.

ئەگەر ئەم دروشمانە و ئەم سێ خاوەنداریتی یە، مێژوویەکی هەیە و هەریەك لەوبزوتنەوانە، دیکۆمینتی جۆراوجۆریان بۆ ئەمشارە داتاشیوە، ئەوا ئێستا کە گەمەی هەلبژاردنەکان بەرێوەیە، تەنها باسی دیکۆمێنت نیە، تەنها باسی دروشم نیە، تەنها مێژوو ئەودیواودیوکردن نیە، تەنها نیشاندانی رەمزەکان نیە، تەنها قیافەی سرودەکانیان نیە، تەنها باسی جغرافیا و جیۆپۆلیتیکی ئەم شارە نیە، تەنها ... بەڵکو باسی گێرانەوەی ئەم شارەیە بۆ باوەشی دایك. هەریەك لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو عەرەب و تورکمان کەرکوك بەبەشیك لە نیشتمانی دێرینەی خۆیان پێناسە ئەکەن، هەریەکەیان دایکێك بە رەسەن و دوانەکەی تر بەدایکی "زڕ"ناوزەد ئەکەن.

کێشمەکێشی نێوان ئەم خیزانی بۆرژوازی یە لەسەر کەرکوك، زورجار کارەساتی دڵتەزێنی بەدواوە بووە، بەڵام هیچ کام لە کارەساتەکان، دەرهاویشتەی قانونمەندیەکی خۆرسکی کۆمەڵایەتی نەبوون، دەرهاویشتەی دوژمنایەتی نێوان دانیشتوانی شارەکە نەبوە، بەرهەمی بەیەکەوە هەڵنەکردنی خەڵکەکەی نەبووە، تەنانەت ئەوکاتەی بەعس لەوپەری دەسەڵاتدا بووە، سەرباری هەموو هەوڵێکی بۆ شۆرکردنەوەی ململانێ ی خۆی لەگەڵ ناسیونالیزمی کورد، بۆ ناو خەڵکی کەرکوك و بەگژیەکداکردنیان، مایە پوچ دەرهاتووە.

بەڵام لەوکاتەوەی پێکهاتەی دەوڵەت داروخاوەو کەس بەکەس جێگای گرتۆتەوە، هەرکام لە بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردو عەرەب و تورکمان بەنەخشەوە کەوتونەتە جەستەی بریندارى ئەم شارەو ئەمشارەیان لەلایەکەوە وەکو کارتێکی سات وسەودا و لەلایەکی تریشەوە وەکو رەمزی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوانیان بەدەستەوە گرتووە. سەیرلەوەدایە هەرکام لەو بزوتنەوانە خۆیان سەرچاوەی مەرگەساتەکانن، ئاخر کێ هەیە نەزانی ناسیونالیزمی عەرەبی قەومی چی بەسەرئەم شارە هێناوە؟ وەکێ هەیە نەزانێ دانیشتوانی ئاوارەی ئەم شارە لە سلێمانی و هەولێر بەئاوارە لەکوردستانی دایکی!! !! کەرکوکدا ناودەهێنران و موحتاجی شوێنی خەو ئاو نان ....تاد،بوون؟ بۆ لاپەڕە2

## هەڵبژاردنەکانی عێراق, مومارەسەی دیموکراسی یان مومارەسەی شەڕی قەومی؟!

سالار ڕەشید

دەزگای پڕوپاگەندەی حیزبەکانی کوردستان بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان, هەموو ڕێگایەك ئەگرنەبەر کە یەکێك لەو ڕێگایانە ئەوەیە ئەڵێن, ئەم هەڵبژاردنە, هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەیە و ئەبێ وەك دەسکەوتێك چاوی لێ بکەین! دیارە ئەمە بانگەشەیەکی پوچ و بێناوەڕۆکە و خۆشیان هەندێك جار پێچەوانەی ئەمە قسە ئەکەن. ئەوەتا چەند ڕۆژ لەمەوبەر فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی, لەسەر مەسەلەی ماف دەنگدان بۆ ئاوارەکانی کەرکوك و کوردی هەندەران, باسی ئەوەی کرد کە چۆن کۆسپ ئەخەنە بەردەمیان و وتی, ئەوانە هەتا دوێنێ بە چەکی تەعریب لە بەرامبەرمان ئەجەنگین, ئێستاش بە دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بەشداریکردنی زۆرترین کەس لە هەڵبژارنەکان! بەڵێ! ئەمانە هیچ چەکێکی ژەنگاوی و کۆنەپەرستانە نامێنێ بەکاری نەهێنن! ئەی ئەگەر ئەم هەڵبژارنە مومارەسەی دیمەوکراسییە, ئەم قسانە و ئەو ڕەفتارانە بەمانای چی؟! ئەمانە کاتێك باس هاتە سەر دبموکراسییەت, ئەڵێن ئەمە مومارەسەی دیموکراسییە, کەچی لەلایەکی ترەوە هەستی کۆنەپەرستانە و ڕەگەزپەرستانەی کوردچێتی و عەربچێتی ئەجولێنن,

بۆ لاپەڕە2

**نابێ خەڵکی ئازادیخواز لە گاڵتەجاری بە ناو هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. ئەمە نە هەڵبژاردنە، نە دەنگی خەڵك تیایدا بایی پوشێك بایەخی هەیە. بەشداری خەڵکی کوردستان لەم پرۆژە چەواشەکارانەیە مانای ملدانە بەو ئەسارەت و ژێردەستیەی کە بە هۆی ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە عێراقەوە بەسەریاندا سە پێنراوە...**

ڕێبوار ئەحمەد

## بەری مانگ بەبێژن ناگیرێ

### بزووتنەوەی ریفراندۆم لەکۆبوونەوەی لەندەن راشکاوانە رایان گەیاند کە وابەستەن بە سیاسەتی ( یەکێتی و پارتی )

پێرێ لەپەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەك لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ بزووتنەوەی رفراندۆم دانرا، لەم کۆبوونەوەیەدا (فەوزی ئەترشی، هەڵکەوت عبدولاو ،لاجان ) قسەوباسیان کرد، لەووتارەکەی فەوزی ئەترۆشیدا بەئاشکرا راگەیەنرا کە کۆمیتە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان جدی نیە لەپاراستنی خسوسیاتی کوردستان ..، حکومەتی کاتی تائێستا جدی نەبوو لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا..، پشتیوانی فیدرالی ناکەن ..، 15هەزار بەعسی هێنراونەتەوە سەرکار ..، کۆمیتەی هەڵبژاردنەکان دژی کوردن و مافی ئەوەیان نەداوە بەکوردەکانی دەرەوە دەنگ بدەن بە پەرلەمان...هەڵکەوت عبدولا ووتی: تا ئێستا حیزبەکانی یەکیتی و پارتی پشتیوانی زۆریان لە بزووتنەوەی رفراندۆم کردوە ..، رفراندۆم دەتوانێ وەك فشاریك بەکاربهێنرێ ..، ئێمە رفراندۆمی نمونەیی دەکەین لەگەڵ هەڵبژاردنەکان بەڵام رەسمیەتی نیە وەیەکیتی و پارتی ئەمەیان قبول کردوە...

دەشتی جەمال

بەڕاستی ئەم چەند قسەیەی سەرەوە بەسە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئەوراستیە بزانن کە بزووتنەوەی رفراندۆم کە 1.7 ملیون ئیمزای ئەوانی ، بەخاتری فیدرالیەکەی یەکیتی و پارتی بوو نەك بۆ خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم ..، ئەم بزووتنەوەیە کە لەبەرامبەر هەرەشەکانی (غازی عجیل یاوەر) و(سیستانیدا )خۆی بێ دەنگ کرد،و لەبەردەم حکومەتی کاتیدا رایانگەیاند کە رفراندۆم ناکەنە داوایەکی نێودەوڵەتی و دەیانەوێت لەعیراق بمێننەوە......ئێستاش ئامادەنین رای بگەیەنن کە ئەم هەڵبژاردنە ئیلحاق کردنەوەی ئیجباری کوردستانە بەدەوڵەتی مەرکەزی. ئامادەنین یەك ووشە لەسەر خەتەری ئەم هەڵبژاردنە بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن، ئامادەنین بڵێن کە ئەوە (یەکیتی وپارتی ) خۆیان رێگری بەردەم هێنانەدی خواستی ریفراندۆمن....تاد، هەموو ئەمانە ئەوە نیشانئەدەن کە ئەم بەریزانە ناحەقیەکی گەورە ئەکەن بەرامبەر بەخەلکی کوردستان و ئایندەکەی.

بۆ لاپەڕە2

**لەهەڵبژاردنێکدا بەشداری مەکەن کەداهاتووی کۆمەڵگە دەسپێرێت بەدەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی و لایەنگرانی ئەمریکا.**

پاشماوەی سەرووتار.....

**وە كێ هەیە بیری چوبێتەوە كە میراتگرانی كورد بوونی كەركوك چۆن سوپای پاسدارانیان بۆ هێرش بۆ سەر كانگای زێڕی!! قودس پێش لەشكری كرد؟ كێ هەیە نەزانی مێراتگرانی ئەتاتورك لەكەركوكدا میتی توركین؟**

**ئێستا گەمەی هەڵبژاردنە و رووبەدەرەوە بەڵێن بارانە، لە ژێرەوە پلان بارانە، پلان بۆ خەڵكی كورد زمان ئەوەیە، خەڵكی كوردزمانی قوربانیانی دوێنی دەستی بەعس بكەن بە جەلادی ئەمرۆی خەلكی عەرەب زمان، عەرەب زمانەكانی قوربانیانی دوێنی دەستی بەعس بكەن بە جەلادی كورد زمانەكانی ئەمرۆ. تورك زمانەكانی قوربانیانی دوێنی بكەن، بە جەلادی كورد زمان و عەرەب زمانەكان و وەكیلی دەوڵەتی شوفینستی تورك. ئەم پلانانە پلانی بزوتنەوە قەومیەكانی عەرەب و كوردو توركمانن.**

**خەڵكی ئەم شارە بەكوردو عەرەب و توركمانیەوە، بەیەكەوە كار ئەكەن، بەیەكەوە لەژێر سەقفێكدا بەری رەنجیان بە تالان ئەبرێت، كوروكچەكانیان لەزانكۆ و قوتابخانەكان بەیەكەوە ئەخوێنن، باوك ودایكانیان بەیەكەوە كارمەندن، هاوسێ دوكان وكارن، منالەكانیان بەیەكەوە یاری ئەكەن، باسێك لەدوژمنایەتی نییە، باسێك لەكێشەو دەمەقالێی قەومی نیە، كەچی بەزۆر و بە پلان وە بە پارەهەڵرشتن و بە بۆمبارانی راگەیاندن هەرسێ بزوتنەوە قەومی یە كۆنە پەرستەكە ئەیانەوێ دانیشتوانی ئەم شارە بكەن بەگژیەكتریدا تا ئینتمای نەتەوەییان لێبكرن و بیكەن بە عەشوەی بۆمبە نەتەقێنراوەكانی داهاتوو. وە لەهەڵبژاردنەكاندا دەنگیان بە بارمتە بگرن. ئەم بزوتنەوانە كە هیچ بەرنامەیەك و هیچ چاكسازیەك وهیچ خزمەتگوزاریەكیان بۆ دانیشتوانی ئەم شارە نیە، ئەیانەوێ بە رشتنی فایرۆسی قەومپەرستی خەڵكی هاوزمانی خۆیان رازی بكەن دەنگیان پێدات.**

**بەڵام مەسەلە هەردەنگدان نیە، مەسەلە وەرێخستنی كێشمەكێشی قەومی یە، ئاكامی هەڵبژاردنە گالتەجاریەكەیان دوور نیە نەبێتە فیلتەری بەیەكدادانی ئەم بزوتنەوانە و پەلكێشكردنی خەڵكی بۆناوئەو بەیەكدادانە بێئەوەی ئەم خەڵكە كێشەیەكیان لەگەڵ یەكتری هەبێت. دانیشتوانی كەركوك ئەبێ لەهەمیشە هوشیارتربن و فریوی بەڵێن و پلانی ئەم بزوتنەوە كۆنە پەرستانە نەخۆن، بەشداری نەكردنیان لەو هەڵبژاردنانەو بایكۆت كردنی هەڵبژاردنەكان هەنگاوێكی كارسازئەبێت بۆ كردنەوەی ریسی بزوتنەوە كۆنە پەرستەكان بەخوری.**

**بـایكۆت**

**بلاوكراوەیەكی رۆژانەیە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەكانی عێراق و كوردستانەوە دەری دەكات**

**سەرنوسەر: عبدوللا محمود**

Nauzad_mahmud@yahoo.com

**دەستەی هونەری:**

**ئارام عەلی، عومەر ئەحمەد**

پاشماوەی هەلبژاردنەكانی......

وای پیشان ئەدەن كە لە نێوان خەڵكی كورد و خەڵكی عەرەب كێبەركێیەك هەیە, تاوەكوو بەو چەكە ژەنگاوییە زۆرترین كەس بهێننە سەر سندوقەكان, تەنانەت ئەوانەش كە بێزارن لە یەكێتی و پارتی. بەڵێ! ئەم حیزبانە لە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆدا, بەری سیاسەتی ڕگەزپەرستانە و دنەدانی هەستی قەومپەرستی ئەچننەوە, شەڕ و كوشتاری دوێنی و سبەی, لە نێوان كورد و عەرەب و توركمانیش, بەرهەمی ئەم جۆرە سیاسەتانەیە.

خەڵكی كوردستان ئەبێ نەبنە جێبەجێكەری ئەم سیاسەتانە, بەرژەوەندی ئەوان كە لە ڕاستیدا لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم حیزبانە جودایە, با بەكردەوەش جودای بكەنەوە. ئەگەر بێت و خەڵكی كوردستان, مافی دەنگدانیان بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان, یانی دیاریكردنی مانەوە لەگەڵ عێراق وەیان جیابوونەوە, نەبێت, كە سەرەتاییترین مافی ئەم خەڵكەیە, مانای ئەوەیە, بانگەشەی دیموكراسی هیچ مانایەكی نییە و دەنگدانی خەڵكیش, ڕەسمییەتدانە بەو دەسەڵاتەی كە ئەم مافەیان بە ڕەسمی بۆ ناناسێ.

پاشماوەی بەری مانگ بە.....

ئەم بەڕێزانە گوایە سندوقی نمونەیی دائەنێن، سندوقێك كە خۆیان باش دەزانن هیچ شەرعیەتێكی نێودەوڵەتی نیە، ئەمەش لەلایەكەوە خۆڵكردنە چاوی خەڵكی كوردستانەو لە لایەكی تریشەوە داتەكاندنی ماهیەتی ریفراندۆمە و هاوكات وەسیلەیەكیشە بۆ بەكارهینانی دەنگی خەڵك بۆ قازانج و بەرژەوەندی یەكانی یەكیتیو پارتی.

ئەمرۆ وەختی ئەوە هاتووە كەخەڵكی كوردستان بەرۆشنترین شیوە ماهیەتی"بزووتنەوەی رفراندۆم" ی بۆ دەركەوتبیت و خۆی ئیرادە بكات، بێ دەنگ نەبێ ورێكخراوەی جەماوەری و نارەزایەتی گەورە بەرێ بخات، لەم هەڵبژاردنە گالتەجاری یەدا بەشداری نەكاتو داوای رفراندۆم بۆ پرسی ئەوەی ئایا خەڵكی كوردستان دەیەویت بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی مەركەزی یان دەیەوێت سەربەخۆ بێت بهێنێتە مەیدان.

---

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی، لە پەیوەند بە سیناریۆی هەڵبژاردنەكانەوە بەیاننامەیەكی لەژێر ناوی **" بەشداری كردن لەهەڵبژاردنەكان ، وەرگرتنی پەنجەمۆرە بۆ دیپۆرت كردنەوەتان، نابێت پەنابەرانی كورد و عیراقی لە هەڵبژاردندا بەشداری بكەن"** ! بڵاوكردۆتەوە، ئەمەی خوارەوە چەند بەش لەو بەیاننامەیەیە:

بەیاننامەكە دەنوسێت (..... بۆ هەموو لایەك رۆشنە هەڵبژاردنێك كە لەسەرەتایترین پرانسیپ وبنەماكانی خۆی بەهرمەند نەبێت، هەڵبژاردنێك لە وولاتێكی وەهادا ئەنجامبدرێت ڕۆژانە دەیان كەس بكوژرێت و شەڕوكوشتارو وێرانكاری لەوپەری بالادەستی خۆیدابێت وكاربگات بەوەی كەبەهۆی نەبوونی ئەمنیەت وئاسایشەوە كاندیدەكان نەوێرن وێنەو ڕیكلامی ئاسی خۆیان بكەن. هەڵبژاردنێك كە بەر لەدەست بەكار بوون هەموو كورسی یەكانی دابەش كرابێت وپشكی هەر حزب ولایەنێك بەر لەدەست بەكاربوون دیاری كرابێت، ئیتر ئاخۆ بەهاو گرنگی دەنگدانی هاوڵاتیان لە چی دابێت و چی بێت لەم جۆرە دەنگدانە بێ ماناترو مەهزەلەتر ؟. لەبەشیكی تری بەیاننامەكەدا هاتووە(..... ئێستە بەدانانی سندوقەكانی دەنگدان و بانگێشتكردنی پەنابەرانی كوردو عیراقی بۆ دەنگدان، ئەمە ڕاستەخۆ یانی ڕەسمیەتدان بەوەی كە عیراق بە كوردستانیشەوە لەبارودۆخێكی ئاسایش و دیموكراسی بەهرمەندە. كەواتە ئیتر بۆ دەبێت ئەم وولاتانە مافی پەنابەری بۆ ئێمە قایلبن ؟ لە راستیدا هەروەك چۆن دەنگدانی خەلكی كوردستان بۆ هەلبژاردن یانی لكاندنەوەی كوردستان بە عیراق و چوونەوە ژیر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی وحكومەتەكەی عەلاوی ویاوەرەی كەبەر لە قوناغی دەنگدان دەنگی شوفینیستانەی خۆیان دژ بەخەڵكی كورد و چارەنووسی كوردستان دیاری كرد. چۆنی پەنابەران بۆ سەر سندوقەكانی دەنگدان یانی پەنجەمۆركردنی بە یاسایی كردنەوەی دیپورت كردنەوەمان بۆ ئەو وولاتە ئازادو ئاسایشەی كە ئێمە لە هەندەرانیشەوە دەنگی بۆ دەدەین. كە ئەمە پڕاو پڕ پێچەوانەی كەیس و داخوازیەكانی خۆمانە....).

لەبەشی كۆتایی بەیاننامەكەدا هاتووە(...... فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داوا لە هەموو پەنابەران دەكات كە بەهیچ جۆریك لەم دەنگدانانەدا بەشداری نەكەن ......و دژ بەم گالتەجاری یەو دژ بە شەڕوكوشتارو نائەمنی عیراق ولكانەوەی بەزۆری كوردستان بەعیراق وپلانی گێرانەوەی پەنابەران بۆ وولاتێك كە لە سەرەتایترین بنەماكانی ئاسایش و ماف و ئازادیەكانی ئینسان بەهرەمەندنیە.

**ئەم حیزبە میلیشیاییانە بە هیچ جۆرێك پابەندی ئەنجامی هیچ دەنگدانێگ نابن كە بستێكی دەسەڵات لە دەستی ئەوان دەربهێنێ. ئەوەی بە دەنگدان لە دەستیان دەربێت بە چەك وەریدەگرنەوە. لە 12 ساڵی رابردوودا هیچ سیناریۆیەكی بە ناو هەڵبژاردنیان نەبوە كە لە پێشەوە ئەنجامەكەی نەبرێنرابێتەوە**..... *رێبوار ئەحمەد*

**ئابۆ هەڵبژاردن.... بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستان**